# لەیلی و مەجنوون

# عەلی باپیرئاغا «کەمالی»

**پێداچوونەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی نوێ: کەماڵ ڕەحمانی**

**کۆچی** 1403/12/01

## سەرچاوەکان:

١. لەیلی و مەجنوون، عەلی باپیر ئاغا، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا: ١٩٥٠.
٢. لەیلی و مەجنوون، عەلی باپیر ئاغا، دار المثنى للطباعة والنشر، بغداد: ١٩٨٧.

## سپاسنامە:

زۆر سپاس بۆ مامۆستا ڕەفیق ساڵح کە pdfی چاپی یەکەمی بۆ ناردین.

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەی خودای گەورەی بێ میسل و مانەند
تاک و بێ شەریک بێ ژن و فەرزەند
هەرچی کە بووە و هەیە و بینراوە
بە قودرەتی تۆ ئیجاد کراوە
بە ئەمری تۆیە تەرتیبی جیهان
تۆی عەقڵ بەخش و تۆی خالقی گیان
زانای ئەسراری هەموو دەروونی
حەی و مەوجوودی نازانین چۆنی
هەر بە سیفاتی تۆ خۆت بووی مەوسووف
نەهی تۆ مونکەر ئەمری تۆ مەعرووف
دنیات ئیجاد کرد بە کاف بە نوون
ئاسمانی بەرزت ڕاگرت بێ ستوون
ئەیخوێنیتەوە نامەی نەنووسراو
ئەزانێ هەموو قسەی نەگوتراو
عەقڵم پێ خاوس، شەویش تاریکە
ڕێگاش سەرانسەر وەک موو باریکە
من ڕێبوارم و ڕێگا خەتەرناک
تۆ ڕەهبەرم بی ئیتر نیمە باک
هەر تۆی کە بە من بدەی هیدایەت
لوتفی تۆ بە عەقڵ ئەدا کیفایەت
من تێ ئەکۆشم توانام نییە
کە ڕەهبەرم بی من باکم چییە
خۆ من لایەقی قەهری تۆم قوربان
عەفویشت هەر بۆ بەندەیە دیسان
تۆ ئەپەرستم، کە بویشم بە خاک
ئیتر لە شەیتان چلۆن ئەمبێ باک
نە دین ئەهێنم بۆ لات نە تاعەت

هەمە موفلیسی و عەرزی شەفاعەت
سا بە نووری خۆت قازیولحاجات
نەجاتم بدە ئیتر لە زوڵمات
من گەر سواڵەتم ئەگەر گەوهەرم
مەخلوقی خۆتم هەر تۆی سەروەرم
غەیری دەرگای تۆ خودای زولجەلال
بۆ هیچ دەرگاییک من ناچم بۆ سواڵ
تۆ خەڵقت کردووم گەر چارەسیام
بە دەست خۆم نییە بۆیە بێ پەروام
ناترسم لە مەرگ چونکە ئەزانم
کە ڕێگای لای تۆ ئەدا نیشانم
عەفووی تۆ هەر بۆ گونەهکارانە
دەوا هەر خاسی دەردەدارانە
گەرچی ڕووڕەشم تۆ بمکە قبووڵ
ببەخشە بەشقی توربەتی ڕەسووڵ

## (باسی میعراجی پێغەمبەر ﷺ)

ئەی گەورەی سەدری بارەگای کەونەین
ئەی فەخری عالەم شای قابەقەوسەین
باڵانشینی عەقڵ و هۆش و گیان
میحرابی هەموو ئەرز و ئاسمان
ناوی شەریف و کونیەت موئەببەد
لە فەلەک مەحموود لە ئەرز موحەممەد
ئیکسیری تۆ بوو ڕەنگی دا بە خاک
لەبەر تۆ خوڵقا زەمین و ئەفلاک
شەوێک ڕۆیشتی لە سەرای فانی
بۆ ئەوجی بەرزی، سەر ئوممەهانی
جیبریلی ئەمین تەوقی گرتە دەست
ئاسمانیش بۆ تۆ زوو کەمەری بەست
وتی مانگ و ڕۆژ چاوەڕوانی تۆن
وەختی خەو نییە هەڵسە زوو بڕۆن
وا ئارایشی سەرمەدە ئەمشەو
یەعنی میعراجی ئەحمەدە ئەمشەو
ئەو برقەی کەوا ناوی بوراق بوو
بۆ سواریت گەلێ بە ئیشتیاق بوو
سواری بوویت چوویتە سەربانی عالەم
هەتا تێپەڕ بووی لە چەرخی حەوتەم
جیبریلی ئەمین بە جێ ما لەوێ
فەرمووی بە دوعا خوا حافیزت بێ
سواری ڕەفرەف بووی تا سیدرە ئەمجا
تێپەڕیت چویتە عەرشی موعەللا
لە عەرشی ئەعلاش دەرحال تێپەڕی
حەفتا حیجاب و پەردەت زوو دڕی
سیرڕی کەلامی خودات بیست تەواو

جەلالی حەقت بینی بە دوو چاو
هەرچیت ویست هەمووت تەڵەب کرد لە خودا
هەرچیت تەڵەب کرد خوا بە جێی هێنا
بۆ ئێمە یەعنی بۆ گونەهکاران
هێنات بەراتی ڕزگاری قوربان
تو گەورەیی خۆت بە لوتفی عامت
شەفاعەت کە بۆ بەندەی بەدنامت
یەعنی بۆ بەندەی خۆت عەلی باپیر
سەگی دەرگاتە و ڕووسیایە و گیر

# باسی لەیلی و مجنوون

وا ئەگێڕنەوە لە موڵکی عەرەب
گەورەیەک بووە بە ئەسڵ و نەسەب
سەرداری هەموو عامرییەکان بوو
وڵاتی مەعموور گشت ڕووی جیهان بوو
ناوی مەلووح بوو کوڕی موزاحیم
گەورەی عەرەب بوو قائیم و دائیم
زۆر میوان دۆست و فەقیرنەواز بوو
تالعی یار و بەختی هاوڕاز بوو
هەرچەن لە هەموو دنیا مەشهوور بوو
ئەولادی نەبوو چرای بێ نوور بوو
لەگەڵ فەقیران زۆر ئەیکرد کەرەم
هەر دوعای ئەکرد ئەیبەخشی درەم
ئەپاڕایەوە داییما هەتا
خوا ئەولادێکی جا پێ کرد عەتا
وەختێ جەماڵی ئەو ئەولادەی دی
گەنج و خەزێنەی بە فەقیر بەخشی
بە شیر و شەکر پەروەردە کرا
دایان بە دایەن بە کەیف و سەفا
ئومێدی پێی بوو بە هونەروەری
باوکی ناوی نا قەیسی هونەری
وەختێ کە عومری گەییە حەوت ساڵە
ڕوووی خەرمانەی دا وەکوو گوڵاڵە
کە بوو بە دە ساڵ نەبوو ئەمسالی
بوو بە داستان حوسن و جەماڵی
هەر کەسێ ئەوی ئەدی لە ڕێدا
دوعای بۆ ئەکرد لە قاپی خودا
کە لە چاوی بەد دوور بێ جەماڵی

خەزان نەبینێ وەنەوشەی خاڵی
لە پاشان باوکی بە دڵێکی شاد
ناردی بۆ مەکتەب بۆ خزمەت ئوستاد
قوتابی زۆر بوون لە مەکتەبخانە
لە کوڕ و لە کچ، خزم و بێگانە
ئەیانخوێند هەموو بە بێ خەوف و بیم
یەکسەر مەشغووڵ بوون بە دەرس و تەعلیم
هەر یەکە خەڵقی قیبلەیەک بوون
بە رۆژ ئەیانوخوێند بە شەو دەرئەچوون
هاونشینی قەیس کچێکی جوان بوو
باڵای بە وێنەی سەروی ڕەوان بوو
چاوی ئاسکی بوو کە هەر زەمانێ
بە تیری غەمزە ئەیکوشت جەهانێ
لە دڵی هەموان بۆ ئەو بوو مەیلێ
زوڵفی وەک لەیل و ناویشی لەیلێ
قەیسی هونەری کە ڕووی لەیلی دی
بە بێ ئیختیار دڵی پێ بەخشی
ئەویش زوو دڵی بە قەیس دا، هەردوو
لە دڵا عەشقی یەکتریان زیاد بوو
ڕەفیقەکانیان ئەیانخوێند، ئەوان
هەر سەیری یەکیان ئەکرد بە دڵ و گیان
بەم حاڵەوە مان چەند وەختێ هەتا
یەگجار ئارام و قەراریان بڕا
مەحیبەت یەکجار عەقڵی لێ سەندن
بنج و بنچینەی خۆشی هەڵکەندن
مەشهووری عام بوون پەردەیان دڕا
لەناو عالەمدا جا ناویان زڕا
هەر خەریک [ئە]بوون تێکۆشن کەوا
ڕازی پەنهانیان نەبێ ئاشکرا

بەڵام لە دەس عەشق سەبر زوو دای کۆڵ
ناشارێتەوە ڕۆژ بە خاک و خۆڵ
ئەمجا کە قەیسی بێچارەی هەژار
بە داوی عەشقی لەیل بوو گرفتار
ئەو کەسانەی وا زوو لێی حاڵی بوون
ناوی قەیسیان نا لەوەلا مەجنوون
بەدکاران وەک سەگ زوبانیان کێشا
هەتا لە مەجنوون لەیلیان کرد جیا
لەیلی لە قەیسی بێچارە ون بوو
بە تیری دووری جەرگی کون کون بوو
ئەگریا دایم لە کوچە و بازار
هەر لەیل لەیلی بوو بێ سەبر و قەرار
بەردە بارانیان ئەکرد مناڵان
ئەیانوت مەجنوون شێتی ماڵ وێران
هەموو شەو ئەچوو بۆ بەر ماڵی لەیل
بە دڵی زاری لە دەرد و غەم کەیل
حەڵقەی دەرگاکەی ماچ ئەکرد ئەوسا
بە شین و گریان ئەگەڕاوە دوا
دووسێ ڕەفیقی مەجنوون بوون کەوا
ئەوانیش عەشقیان هەبوو لە سەردا
لەگەڵ ئەوانا مەجنوون بەیانیان
ئەچوو بۆ تەواف دەرگاکەی جانان
کێوێ کە بە نەجد ناوی نرا بوو
جێگە هەوارگەی خێڵی لەیلا بوو
مەجنوون هەموو ڕۆژ ئەچوە ئەو کێوە
ئەیکرد هاوار و شیوەن و غرێوە
قسەی هەر لەگەڵ بادی سەبا بوو
خیتابی لەگەڵ زوڵفی لەیلا بوو
ئەیوت ئەی شەماڵ بڕۆ توخوا

بۆم بێنە بۆنێ لە زوڵفی لەیلا
بە قوربانت بم ئەی لەیلی نازدار
خوڵی ژێر پێی خۆت تۆ بۆ یادگار
زوو بنێرە بۆم بۆ چاوم چاکە
دەرمانی ژانی چاوە ئەو خاکە

## ڕۆیشتنی مەجنوون بۆ ماڵی لەیلا

مەجنوونی هەژار ڕۆژێک بەیانی
زوو هەڵسا لەگەڵ ڕەفیقەکانی
بە گریان و شین بە دڵی پر مەیل
ڕۆیشت بۆ دەوری ڕەشماڵەکەی لەیل
سەیری کرد لەیلا کە دانیشتووە
دەرگای ڕەشماڵی مەحکەم بەستووە
لەیلی دانیشتوە وەک مانگی تابان
مەجنوون ڕاوەستا وەکوو پاسەوان
لەیلی زوڵفی خۆی ئەکرد بە شانە
مەجنوون فرمێسکی ئەڕشت بە دانە
بەڵام لە ترسی بەدکار و ڕەقیب
هەر دوور بوون لەگەڵ یەکتر وەک غەریب
بە ترس و بە بیم لە خەوفی ئەغیار
هەموو شەو مەجنوون ئەچوو بۆ لای یار
باوکی لە داغا عاجز بوو حەزین
خزم و خوێشانی بۆی بوون دڵ غەمگین
نەسیحەتیان کرد زۆر پەندیان دادا
تا ئەهات مەجنوون شێت ئەبوو ڕیسوا
هەرچەن نەسیحەت زۆر سودمەندە
وەختێ عەشق هات چ جێگای پەندە
باوکی چەن پیاوی عاقڵی بانگ کرد
وتی تەدبیرم بۆ بکەن دەستوبرد
پیاوانی عاقڵ عەرزیان کرد هەموو
بچین خوازبێنی لەیلی بکەن زوو
باوکی قەیس لەگەڵ چەن پیاوی ناودار
هەڵسان ڕۆیشتن بۆ لای باوکی یار
ئەهلی قەبیلەی لەیلی دڵ ئارام

خەبەریان وەختێ زانی خاس و عام
پێشوازیان کردن بە میهرەبانی
حورمەتیان گرتن بە خۆش زوبانی
دیاری و خەڵاتی زۆریان برد بوو
دایان نا لە لای باوکی لەیلی زوو
باوکی لەیل وتی شێخی عامری
هەرچی ئەمر ئەکەی گەورە و سەروەری
بفەرموون هەتا زوویە جێی بێنم
ئەمرت ڕەوایە دڵت ناشکێنم
گەورە گەورەکان هەموویان یەکسەر
عەرزیان کرد وتیان ئەی گەورە و سەروەر
مەرحەمەتت بێ چاک تێفکرە تۆ
مەجنوون لە عەشقی لەیلی غەیر بوو
شێت و شەیدایە زار و نەزارە
لەیلی کەرەم کە تۆ بەو هەژارە
گەورەی عامری لە هەموو دونیا
مەشهوورە و خاوەن دەوڵەتە و سوپا
حیشمەت و ماڵ و خەزێنەی زۆرە
لە دەسەڵاتدا زۆر بێ قسوورە
کڕیاری دوڕڕە تۆش دوڕ فرۆشی
زوو پێی بفرۆشە ئەگەر بە هۆشی
هەرچی تەڵەب کەی لە ماڵی دونیا
لە زەڕڕ و لە زیو لە ماڵ و دیبا
تەقدیمت ئەکا بە ئارەزووی دڵ
توش مەقسوودی ئەو زوو بکە حاسڵ
باوکی لەیل وتی قسەتان جوانە
بەڵام خۆ مەجنوون شێتە و دێوانە
جارێ بە دوعا و بە شێخ و مەلا
عەقڵی بێننەوە سەرخۆی ئەووەلا

ئەمجا لە پاشان لەیلی داوا کەن
ئەڵبەتە جوان نیە باسی لەیلا کەن
گەر مشتێ گەوهەر بدۆزیتەوە
بە کلکی بارگیر نایهۆنیتەوە
عەرەب زۆر ڕەخنە ئەگرن بە قوربان
ئێوە مەمخەنە بەر قسە و زوبان
عامری وەختێ کە ئەمەی زانی
زوو گەڕانەوە بە دڵ گرانی
ئەمجار مەشغووڵ بوون بە چارەسازی
مەجنوونیان بانگ کرد بە دڵنەوازی
بە دوعا و قسە و بە ئەفسوونەوە
بۆ نەسیحەتی گشت کۆبوونەوە
وتیان ئەی قەیسی چۆڵگەردی فەقیر
تۆ لە گوێ بگرە پەندی پیاوی پیر
هۆشت بێنەوە سەر تۆ لەمەولا
خۆت مەفەوتێنە بۆ خاتری خوا
دەخیل سەد دەخیل بۆ تیری تانە
بەو نەوعە مەکە خۆت بە نیشانە
لێو وێنەی یاقووت گەردن وەک بلوور
لە لەیلی جوانتر کچ زۆرە وەک حوور
لەیلی بە ئێمە خۆ بێگانەیە
بێگانە پەرست بەشی تانەیە
لە لەیلی جوانتر کچ هەیە هەزار
بۆت دێنین بۆ خۆت ئەبی ڕەستگار
مەجنون ئەمەی بیست لە قەوم و خوێشان
ناڵاندی حاڵی زۆر بوو پەرێشان
یەخەی دادڕی لەسەر هەتا خوار
وتی نامەوێ کفن هەی هاوار
هەڵسایە سەر پێ لە عەشقی لەیلا

گرتیە بەر ڕێگای کەژ و کۆ و سەحرا
وەک شێت ڕای ئەکرد لەم لا بۆ ئەولا
ئەینالاند ئەیگوت دەخیلم لەیلا
بە بالای لەیلی شیعری هەڵ ئەدا
هەر کەسێ ئەیدی جەرگی ئەسووتا
ئەیگوت ئاوارە لە خان و مانم
ڕێگای ماڵی خۆم هەرگیز نازانم
نە لەبەر دەرگای خۆم هەمە جێگا
نە لەبەر دەرگای بڵندی لەیلا
گاهێ ئەم خەڵقە پێم ئەڵێن مەستە
گاهـ ئەڵێن شێتە و لەیلی پەرستە
خۆزگە ئەکەوتمە ناو گەرووی نەهەنگ
نەجاتم بوایە تا لە عەیب و نەنگ
ئەی بێ خەبەران تا زووە ڕا کەن
تێپەڕ بن ڕێگەی من بەڕەڵا کەن
لەیلی گیان وەرە تۆ بیتو خودا
دەست بدە دەستم هانا من هانا
بمخوێنەرەوە تۆ بە سەلامێ
گیانم تازە کە زوو بە پەیامێ
خۆ گوناهـ نییە گیانە لەیلام بە
لە هەزار شەوا شەوێک لە لام بە
عەشقت لە دڵما خۆ بێ زەواڵە
وا حاڵی نەبی کە هەر خەیاڵە

## (ڕۆیشتنی سەید عامر لەگەڵ قەیسی کوڕی بۆ کەعبە)

باوکی قەیس لەگەڵ قەوم و خوێشانی
فکریان کردەوە وایان باش زانی
کە مەجنوون ببەن بۆ کەعبە هەتا
لە وەختی حەجدا بۆی بکەن دوعا
وەختی حەج کە هات هەموویان هەڵسان
مەجنوونیان خستە ناو تەختەڕەوان
بردیان بو مەکە بە شەوق و بە جۆش
بە دوعا و نزا و دڵی پڕ خرۆش
بەسەر خەڵقی دا وەک ڕیگی ڕەوان
گەوهەر و زیو و زێڕیان کرد پەخشان
باوکی دەستی کرد بە سۆز و دوعا
بردی لە سایەی کەعبەدا داینا
وتی بە مەجنوون ڕۆڵە دوعا کە
ڕوو لە بارەگای کەعبەتوڵڵا کە
بپاڕێرەوە لە قاپی خودا
بڵێ ئەی خودای بێ میسل و هاوتا
نەجاتم بدە موبتەلای عەشقم
گیرۆدەی دەرد و هەم بەڵای عەشقم
مەجنوون ئەمەی بیست لە باوکی گریا
لە پاشان بە کوڵ پێکەنی و هەڵسا
توند گرتی حەڵقەی دەرگای کەعبەی پاک
ڕایوەشاند بەبێ خەوف و ترس و باک
وتی ئەی خودای تاکی تەنیای فەرد
لە عەشقی لەیلی منم دڵ پڕ دەرد
کەی ئەمە شەرتی عەشقە یا وەفا
کە من لابدەم لە عەشقی لەیلا
خۆ من پەروەردەی عەشقە سروشتم

هەر عەشقی لەیلە خۆ سەرنویشتم
بیکە بە عەشقی زاتی خودابیت
بۆ خاتر سیفات هەم پادشاییت
لە پێش چاوی من لەیل قەت مەکە دوور
لە سەرچاوەی عەشق پێم کەرەم کە نوور
هەموو لەحزەیەک بمدەرێ مەیلی
عەشقم زیاد بکە تۆ بە ڕووی لەیلی
لەیلی لە دڵما یەک بە هەزار کە
دڵم بە عەشقی هەر گرفتار کە
هەرچی لە عومری من ماوە توخوا
هەمووی بخەرە سەر عومری لەیلا
باوکی ئەمەی بیست حاڵی بوو کەوا
دەردی عەشقی ئەو نییەتی دەوا
هەڵسا بە دڵی پر لە دەردەوە
قەیسیان بۆ خێڵی خۆیان بردەوە
دوو سێ بەدکارێ لە قەومی لەیلا
چوون زوو بە باوکی لەیلیان خەبەر دا
وتیان کە قەیسی هەرزەیی بەدکردار
بەدناوی کردوین لە هەموو دیار
هەموو ڕۆژێ دێت بە شور و غەوغا
بە شیعر خوێندن بە ڕەقس و سەما
لەگەڵ چەند کەسێ دێت بە سەری ڕووت
بە پێخاوس و ڕەش و ڕووت و قووت
لەیلی لە داغی زۆر خەفەت بارە
لە شانی بارە غەم و پەژارە
وا چاکە بیگرین بیترسێنین زوو
هەتا بە جارێ نەڕوا ئابڕوو
زۆر رقی هەڵسا باوکی لەیل دەرحاڵ
وتی بە حەققی خودای زولجەلال

من بەم شمشێرە ئەکەم عیلاجی
بەربادی ئەکەم تەخت و تاراجی
پیاوێ لە خێڵی قەیس ئاگای لێ بوو
زوو بۆ لای شێخی عامیریان چوو
ئەم خەبەرەی دا بە باوکی مەجنوون
وتی وریابە با نەبی دڵخوون
تەدبیریان کردوە من هەمە خەبەر
یەقینم هەیە قەیس ئەکەن بێ سەر
کە باوکی مەجنوون ئەمەی بیست ئەمجا
چەند خزمێکی خۆی زوو نارد بە شوێنیا
زۆر گەڕان خێرا هەموو دەشت و دەر
لە مەجنوون نەبوو هیچ شوێن و ئەسەر
وتیان بە تەحقیق دوڕندەی سەحرا
مەجنوونی شەیدای کردووە فەنا
خزم و خوێشانی و ئەهالی هەموو
بە گریانەوە بەربوونە ڕۆڕۆ
لە بەنی سەعد پیاوێک بە ناکاو
ڕۆژێ ڕێی کەوتە یەک چەشمە و سەراو
سەیری کرد مەجنوون لەوێ کەوتووە
باڵای بە وێنەی کەوان چەوت بووە
قسەی لەگەڵ کرد زۆر لێی پاڕاوە
مەجنوون ئەبەدا جوابی نەداوە
عاقیبەت جێی هێشت زوو هات دەستوبرد
باوکی لە حاڵی قەیس خەبەردار کرد
وتی لە فڵان جێگا کەوتووە
لە غەما وەکوو موو باریک بووە
باوکی قەیس هەڵسا بە ئاهـ و زاری
دەشت و دەر گەڕا بە بێ قەراری
سەیری کرد ئەوا پەشێو و دڵتەنگ

سەری خستۆتە سەر پارچەیێک سەنگ
هەر شیعر ئەخوێنێ بێ سەبرە و قەرار
داییما ئەکا شیوەن و هاوار
باوکی سەلامی لێ کرد زۆر بە کوڵ
دانیشت دڵخۆشی دایەوە بە دڵ
مەجنوون کە وەختێ باوکی دی هەڵسا
دەست و پێی ماچ کرد لە پاشان ئەمجا
وتی ئەی بابە ئارامی گیانم
ببەخشە زۆر بێ هێز و توانم
نەمماوە سەبر و ئارام و قەرار
لە دەستما نییە هەرگیز ئیختیار
باوکی ئەمەی بیست یەخەی خۆی کرد چاک
گریا و ناڵاندی بە دڵی غەمناک
وتی خوێنی کێ گەردنی گرتووی
کام دڕکە ڕۆڵە دامەنی گرتووی
بەدبەختم دیوە نەک وەک تۆ بەدبەخت
دەردم دیوە نەک وەک دەردی تۆ سەخت
خۆت بپارێزە لە تەعنەی دوشمن
بۆچی حەز ئەکەی ڕۆڵە لە مردن
دانیشە لە دڵ فرێ دە زوو دەرد
بۆچ بێ جێ ئەکوتی گیانە ئاسنی سەرد
خەرمانی عومری خۆت مەدە بە با
لە ناو عالەمدا بەس بمکە ڕسوا
ئەگەر سەبرت بێت ئەمین بە گیانە
بە پارە کارت پێک دێ ئازانە
چی بە تۆ ئەبڕێ لە دەشت و سەحرا
وەرەوە لامان تۆ بیتو خودا
جوابی دایەوە مەجنوونی هەژار
وتی ئەی بابە با عیزز و ویقار

هەر دەرگای تۆیە قیبلەی سجودم
بە بۆنەی تۆوە ماوە وجودم
ئەم نەسیحەتەت ئارامی گیانم
بوو بە مەڵحەمی دەرد و زامانم
بەڵام چی بکەم من سیاچارەم
لە عەقڵ و سەبر و مەسکەن ئاوارەم
تەدبیرم نییە قیسمەتم وایە
دەست و پێم تەوقی ئاسنی تیایە
هیچ کەس حەز ناکا کە ببێ دڵتەنگ
لە دڵتەنگی من ئەتوێتەوە سەنگ
عاشق ناترسێ هەرگیز لە گیان دان
خۆشەویستترە لە لای یار لە گیان
باوکی ئەمەی بیست بەربووە گریان
مەجنوون کەوتە خاک سەر ڕووت و عوریان
بە هەر حاڵێ بوو باوکی هەڵیسان
بردێوە بۆ لای قەومان و خوێشان
بە شور و گریە و بە واوەیلاوە
چەند ڕۆژێ مەجنوون لای باوکی ماوە
لە پاشان دیسان شێتانە هەڵسا
گرتیەبەر ڕێگەی کۆ و دەشت و سەحرا
ئەچوو بۆ نەجد هەموو جار بە تاو
بە شیعر خوێندن بە چاوی پڕ ئاو
شوێنی ئەکەوتن ئەهالی هەموو
شیعری کە ئەوت ئەیان نووسی زوو
ئەو شیعرانەیان ئەبرد بە دیاری
بۆ خوێندەواران بە بێ قەراری

## (باسی لەیلی کە داوای مەجنوونی ئەکرد)

لەیلی بە جوانی کە ئایەتێ بوو
مەشهووری هەموو ویلایەتێ بوو
باڵای وەک سەرووی سەهی هەڵکشا
وەک مانگی چواردە ڕووی شوعلەی ئەدا
بە حەلقەی زوڵفی مانەندی زنجیر
زۆر شێر و بەوری کرد بوو بە نێچیر
هەموو ڕۆژ لەیلی ئەیکرد ئینتیزار
بەڵکو ببینێ مەجنوونی هەژار
لە داغی مەجنوون ئەگریا جار جار
هیچ نەیبوو سەبر و ئارام و قەرار
هەر گوێ قوڵاغ بوو کە بێت پەیامێ
لە لای قەیسەوە یاخود سەلامێ
لەیلی هەر وەکوو مەلاحەتی بوو
لە شیعریشدا زۆر فەساحەتی بوو
مناڵان لەوێ کە تێپەڕ ئەبوون
ئەیان خوێندەوە ئەشعاری مەجنوون
جوابی ئەشعاری مەجنوونی هەژار
زوو ئەیدایەوە لەیلی وەفادار
ئەینووسی و فڕێی ئەدا بۆ کۆڵان
لە پاشان هەڵیان ئەگرت مناڵان
ئەیان برد دەرحاڵ بۆ مجنون بەتاو
ئەیخوێندەوە جا بە دڵی سووتاو
بەرئەبوە ڕەقس و سەما دەر زەمان
جوابی ئەنووسی بۆ لەیلی دیسان
ئەیانبردەوە بۆ لەیلی نازدار
وایان ڕابووارد زەمانێ دوو یار
مانەوە هەتا مودەتی یەک ساڵ

قەناعەتیان کرد بە شیعر و خەیاڵ
وەختێ بەهار هات سەحرا بوو ڕەنگین
باغەوان دەستی کرد بە گوڵچنین
لەسەر درەختان بولبول و هوزار
هەر وەکوو مەجنوون بەربوونە هاوار
لەو هەنگامەدا لەیلی وەفادار
هاتە دەرەوە لە خەیمەی زەڕکار
لەگەڵ کچانی شۆخی مەهـ سیما
چوو بوو گوڵگەشتی گوڵزار و سەحرا
لە عەشقی چاوی ئەو نێرگسی مەست
پیالەی زەڕکاری جوانی گرتە دەست
لە گوڵ و غونچە بۆنی گرت بە باج
لە باغ و گوڵزار زوو سەندی خەراج
گوڵ لەگەڵ بولبول هەردوو هاوڕاز بوون
بە ئاهـ و ناڵە تەرانەساز بوون
لەیلی زۆر گەڕا ناو باغ و بێستان
بەڵکوو پەیدا بێ لە مەجنوون نیشان
لەو دەورە هەبوو باغێکی ڕەنگین
عەینەن هەر وەکوو سووڕەتخانەی چین
لەیلی شۆخ و شەنگ لەگەڵ نازداران
چوونە ئەو باغە وەک سەروی ڕەوان
لەیلی بە تەنها وەکوو تەزەروێ
چوو دانیشت لە ژێر سێبەری سەروێ
بەر بووە گریان ئەینالاند زار زار
ئەیگووت ئەی مەجنوون یاری وەفادار
لە کوێیت زوو وەرە هەتا لە ناو باغ
دانیشی لە لام لە دڵ دەرکەم داغ
گوێی لێ بوو لەیلی دەنگێکی مەحزوون
وا هات ئەخوێنێ ئەشعاری مەجنوون

ئەیگووت کە مەجنون وا غەرقی خوێنە
خوزگە ئەمزانی کە لەیلی چۆنە
مەجنوون وا جەرگی پر دەرد و داغە
لەیلی خەریکی سەیرانی باغە
هەر کە ئەمەی بیست لەیلی باوەفا
بەربووە گریان زۆری لە خۆی دا
لەو کچانەی وا لەگەڵ لەیلا بوو
یەکێکیان نزیک لەیلی وەستا بوو
چاوی تێوە بوو کە لەیلی نازدار
وا ئەگری و لەتاو عەشقە بێ قەرار
کە گەڕانەوە ڕۆیشت دەستوبرد
ئەو کچە دایکی لەیلای حاڵی کرد
وتی کە لەیلی مات و مەحزوونە
یەخسیری داوی عەشقی مەجنوونە
دەخیلم دەخیل زوو بکە چارەی
با لە دەس نەچێ دڵی ئاوارەی
دایکی ئەمەی بیست زۆر خەفەتبار بوو
چارەی پێ نەکرا زار و بیمار بوو

## باسی خوازبێنی کردنی لەیلی بۆ ئیبن سەلام

ئەو ڕۆژە لەیلی کە بۆ ناو باغ چوو
تەسادوف لە ڕێ پیاوێ تووشی بوو
گەورەی عەرەب بوو عالی مەقام بوو
ناوی شەریفی ئیبنوسەلام بوو
خاوەن ماڵ و موڵک سوپا و لەشکر بوو
ساحێب خەزێنە و گەنج و گەوهەر بوو
تیری برژانگی لەیل لێی کرد ئەسەر
مات و غەمبار بوو زویر و موکەدەر
کە گەڕایەوە بۆ پرس و تەدبیر
زوو کۆی کردەوە چەند پیاوێکی پیر
بەیانی عەشقی خوی بۆ کردن جا
هەموو بە جارێ وایان قەرار دا
گەنج و ماڵ بەرن بۆ باوکی لەیلا
هەیئەتێک بچێ خوازبێنی بکا
زوو کۆبوونەوە چەن پیاوێکی چاک
مەڕ و وشتر و ئەسپی زۆر چالاک
لەگەڵ قەتاری ماڵ و زیو و زەڕ
باریان کرد ڕۆین بۆ خێڵی دولبەر
کە گەیشتنە جێ ئەمجا بە ئیعزاز
پێشوازیان کرد بە عیزز و بە ناز
لای باوک و دایکی لەیلی خۆش خەرام
خوازبێنیان کرد بۆ ئیبن سەلام
باوکی لەیل وتی من ڕازیم ئەمما
ئەمە بەینێکە نەخۆشە لەیلا
با چاک بێتەوە وەعدە بێ ئەوسا
من ئەتاندەمێ دەرسەعات لەیلا
ئیبنوسەلامیش بەمە بوو دڵخۆش

هاتەوە سەری سەبر و عەقڵ و هۆش

(باسی هاتنی نەوفل و چاوپێکەوتنی بە مەجنوون)

لە پیاوچاکانی ئەو وەختەی دونیا
لەو دەورە پیاوێ هەبوو زۆر ئازا
ناوی نەوفل بوو بە زەربی شمشێر
ئەیکوشت پڵنگ و بەبر و نەڕەشێر
خاوەن دەوڵەت و موڵک و جەلال بوو
عاقڵ و دانا و ساحێب کەماڵ بوو
ڕۆژێ بۆ شکار ڕۆیشتە سەحرا
لە ڕێگا[دا] دی مەجنوونی شەیدا
ڕووت و قووت لەسەر زەمین کەوتووە
وەحشی و دڕەندە دەوریان گرتووە
گۆرانی ئەڵێ بە دەنگێکی خۆش
هەر کەسێ ئەیبیست زوو ئەبوو بێ هۆش
پرسی لە پیاوێک کە ئەم هەژارە
بۆچ ڕووت و قووتە وا بێ قەرارە
وتی لە عەشقی لەیل ئەم فەقیرە
بەم نەوعە شێت و مات و زویرە
بە خێری خۆیان خەڵق لەم لا و لەو لا
چێشت و شەرابی بۆ دێنن ئەوسا
بە زۆر ئەیدەنێ لوقمەیێ کەباب
لەگەڵ پەلێ نان یا قومێ شەراب
کە ئەیخوات ئەڵێ لە چاوی لەیلا
دایم کەوتووە لە دەشت و سەحرا
نەوفەل ئەمەی بیست سەعاتێ بوو مات
گریا بەزەوی بە ئەحواڵیا هات
وتی وا چاکە من نەگرم ئارام

تا بگەیەنم مەجنوون بە مەرام
نەوفل دابەزی دانیشت لای مەجنوون
بە قسەی خۆش و بە حیلە و ئەفسوون
هێنایە قسە مەجنوونی بێدڵ
بەربووە گفتوگۆ جا لەگەڵ نەوفل
نەوفل وتی پێی مەجنوونی هەژار
هیچ خەفەت مەخۆ بە خوای کردگار
سەرف ئەکەم ماڵ و موڵک و زیو و زەر
دوڕ و یاقووت و مەرجان و گەوهەر
ئەمین بە ئەبێ بۆت بێنم لەیلا
ئیتر غەم مەخۆ تو بیتو خودا
بە گەنج و ماڵ و بە زۆری بازوو
لەگەڵ تۆ ئەیکەم بە هاوتەرازوو
مەجنوون ئەمەی بیست بە دڵی پڕ دەرد
سوجدەی شوکرانەی زوو بەر نەوفل برد
وتی من شێت و عەوداڵم بەخوا
شوو بە من ناکا هیچ وەختێ لەیلا
جوابی دایەوە نەوفلی دانا
وتی بە مەجنوون بە حەقی خودا
حەرام بێ لە من خورد و خەو هەتا
تۆ ئەگەیەنم بە وەسڵی لەیلا
بەڵام تکایە نەختێ حەزەر کە
ئەم بێ عەقڵییە لە سەرت دەر کە
خۆت وا شێت مەکە لە عەشقی دولبەر
چەن ڕۆژی هۆشت با بێتەوە سەر
شەرتە هەرچۆن بێ لەیلت بۆ بێنم
گەر پولابەند بێ بۆتی بشکێنم
هەر کە ئەمەی بیست مەجنوونی دڵڕێش
بە قسەی نەوفل سەبری گرتە پێش

لەگەڵ نەوفلدا چوو بە دڵخۆشی
ڕۆیشتە حەمام لیباسی پۆشی
بوو بە کوڕێکی زۆر شۆخ و دولبەر
چەن شیعرێکی وت لە عەشقی لەبەر
چەند ڕۆژی خواردی تەعام و کەباب
لەگەڵ میوەی خۆش، شەرابی نایاب
دووبارە ڕشتی سەوزەی خەت و خاڵ
ڕەنگە زەردەکەی وەرگەڕا بە ئاڵ
بە عەقڵ و هۆش و سەبر و گرانی
بوو بە سەرگەورە، جەمعی مەعانی
نەوفل بەبێ ئەو نەیئەگرت ئارام
خزمەتی زۆری کرد بە ئیحتیرام
هەتا دوو سێ مانگ بە کەیف و خۆشی
وەختیان ڕابووارد بە بادەنۆشی
نەوفل و مەجنوون ڕۆژێ دووبەدوو
قسەیان ئەکرد زۆر بە ئارەزوو
مەجنوون لە داغ و دەردی زەمانە
چەن شیعرێکی وت بە عاشقانە
وتی بێ خەبەر لە ئاهـ و دەردم
بێ وەفا و بێ شەرت ئەوا من مردم
تا ئێستە هەزار وەعدەت بە من دا
بە هیچ وەعدێکت خۆ نەتکرد وەفا
بە زبانی خۆش منت تەفرە دا
تا هاتمە سەرڕێ کەچی لەوەلا
سەبرم لە دەست چوو عەقڵم باری بەست
وریابە کارم دەرئەچێ لە دەست
وەعدەی مەردانە تۆ بە من ئەدەی
کەچی لە پاشان بۆچ خیلاف ئەکەی
قەول و وەعدەیێک پێی نەکرێ وەفا

به پیاوی وەک تۆی نابینم ڕەوا
گەر لەیلی بە من نەگەیێنی تۆ
من وا ئەمرم و تۆش بۆ خۆت بڕۆ
ئەم تەعنەیەی بیست نەوفلی سەروەر
موی لەشی تیژ بوو هەر وەکوو نەشتەر
هەڵسا لە جێی خۆی زوو زرێی پۆشی
شمشێری هەڵگرت بۆ شەرتی کۆشی
سواری کرد سێسەد پیاوی زۆر ناودار
هەموو پاڵەوان مەردی ئازای کار
قاسیدی زۆر نارد بۆ لای باوکی لەیل
وتی لەشکرم جۆش ئەدا وەک سەیل
یا لەیلا بێنن بۆ لام هەر ئێستا
یا خۆ حازر بن بۆ جەنگ و دەعوا
باوکی لەیل وتی  بڵێ بە نەوفل
لەیلی ئارامی ڕووح و گیان و دڵ
لەیل مانگە هیچ کەس ناتوانێ کە وا
غەیری تەماشای، دەست بۆ مانگ ببا
بەو خەبەرە قەت نابین خاتر تەنگ
هەموو حازرین بۆ شەڕ و بۆ جەنگ
نەوفل ئەمەی بیست وەکوو نەڕەشێر
لەگەڵ سوپاکەی بە تیر و شمشێر
بەربوونە جەنگ و قیتال و دەعوا
زۆر سەر بە سەری نێزەوە کرا
نەعرەتەی کوڕەی ئەسپانی چالاک
کەڕی کرد گوێچکەی ئەستێرەی ئەفلاک
سوارانی جەنگی ئەسپیان تاوئەدا
مەجنوون بۆ سوڵحیان هەر ئەیخوێند دوعا
گەر مەجنوون تیغی پێ بوایە بە کوڵ
ئەجەنگی لەگەڵ لەشکری نەوفل

گەر دەسەڵاتی ببوایە مەجنوون
ئەیکرد لەشکری نەوفل سەرنگوون
پیاوێک لێی پرسی وتی ئەی مەجنوون
ڕاستیم پێ بڵێ تۆ زاتی بێچوون
بۆچی بۆ دوشمن تۆ دوعا ئەکەی
خۆت لە قەوم و خوێش تەوەلا ئەکەی
گەر دەسەڵاتت بوایە بە تەقدیر
دۆستانت ئەکوشت بە شمشێر و تیر
جوابی دایەوە مەجنوونی دانا
بە لەفزێکی خۆش وتی ئەی برا
دوشمن دۆستم بێ من ئیتر قوربان
بۆ چیمە تیر و شمشێر و کەوان
عاشق ناترسێ هیچ وەختێ لە گیان
هەر یاری ئەوێ لە هەر دوو جیهان
چونکە لەشکری عامری زۆر بوو
نەوفل بە سوڵح کردن مەجبوور بوو
پیاوی نارد وتی من ناکەم دەعوا
گەنج و خەزێنەم ئەکەم بە فیدا
گەرا ئێوە بە من شەکر نافرۆشن
سرکەیش مەدەن پێم وا تێ مەکۆشن
خولاسە سوڵحیان زوو قبوڵ کرا
دەستیان کۆتا کرد لە شەڕ و دەعوا
مەجنوون ئەمەی دی چووە سەر نەوفل
وتی توخودا تۆ نابی خەجڵ
بۆچ منت خستە ناوی گێژی بەڵا
لەبەرچی نەتکرد بە وەعدە وەفا
ئەمە بوو قوربان لنگ دان و تاوت
لەشکر ناردن و کەمەند و داوت
گەرچی کەرەمت بڵندە ناوی

بەڵام لە عەهدا زۆر ناتەواوی
نەوفل هاتە جواب بە لەفزی شیرین
وتی ئەی مجنون هەژاری مسکین
لەشکرمان کەم بوو هی ئەوان زۆر بوو
سوڵح کردنمان گەلێک زەروور بوو
ئەگەڕێمەوە زوو ب پەنهانی
لەشکر ئەهێنم جا بە ئاسانی
لە قەبیلەکان سوپا ئەدەم سان
لەیلی ئەسێنم بۆت بە زۆر قوربان
نەوفل زوو ناردی بۆ شەڕ و دەعوا
لە مەدینەوە هەتاکوو بەغدا
لەشکری زۆری بۆ هات هەمیسان
سەفیان بەست وەک کێو لە جەرگەی مەیدان
لەشکر تێک ڕژان بە تیر و شمشێر
هەزاران کوژران کەوتن سەرەوژێر
شمشێری کێشا نەوفل دەستوبرد
بۆ سەر لەشکری ئەوان حەملەی کرد
لەشکری نەوفل تالیعیان یار بوو
شکاندیان سوپای باوکی لەیلی زوو
سەرکردەو گەورەی عامری ئەمجا
هاتنە خزمەتی نەوفلی دانا
عەرزیان کرد قوربان بەسە گیرودار
تۆ بمانبەخشە بە خودای کردگار
گەر بشمان کوژی وا هاتوین ئێستا
یا ئەسیرمان کە بماندە سزا
ماچیان کرد دەست و داوێنی نەوفل
ئەویش بەخشینی بە ئارەزووی دڵ
باوکی لەیلی هات عاجز و غەمناک
ئیحترامی کرد سەری خستە خاک

عەرزی کرد وتی نەوفلی سەردار
پیر و عاجزم دڵشکاو غەمبار
ئەگەر بنێری لەیلی بهێنن
لە پێش چاوی من ڕیشەی دەربێنن
یاخۆ بیبەخشی بە خزمەتکارێ
یا بە پیاوێکی لات و هەژارێ
ئیتاعەم هەیە ئەمرت دێنمە جێ
بەڵام پێم بڵێ چۆن خوا هەڵئەگرێ
لەیلای نازداری شۆخی مەهـ جەبین
بدەم بە مەجنوون شێت و بێ تەمکین
دایم لە کێو و لە دەشت و سەحرا
ئەگەڕێ لەگەڵ وەحشی بێ پەروا
مەجنوون هیچ عەقڵ و هۆشی نەماوە
ئێمەیش زۆر خراپ ناومان زڕاوە
ئەگەر واز بێنی لەم کارە بە خوا
لە هەر دوو دنیا زۆر خێرت ئەگا
گەر واز نەهێنی بە خوای کردگار
مەجبوورم ئەکوژم من لەیلای نازدار
سەری ببڕم و لاشەی سەگ بیخوا
چاکترە لەوەی کە ببین ڕسوا
نەوفل ئەمەی بیست لە باوکی لەیلا
فکری کردەوە سەعاتێ داما
بەزەوی پیا هات عەفووی کرد دەرحاڵ
وتی ئەی شێخی پڕ عەقڵ و کەماڵ
قسەی تۆ ڕاستە وا دەست بەرداربووم
بە بێ جێ گەلێ کە من گوناهبار بووم
سەرکردەکانی لەشکری نەوفل
ئەوانیش وتیان ئەی گەورەی عاقڵ
شێت و بێ عەقڵە مەجنوونی داماو

لەیلای دەس کەوێ زوو ئەیکا بەدناو
بۆ ئەو ئێمە بوین بە نیشانەی تیر
کەچی لە ئێمە ئەکوژێ بە شمشیر
خولاسە نەوفل زوو لەگەڵ سوپا
دەستی هەڵگرت و گەڕایەوە دوا

## (باسی گەڕانەوەی نەوفل و ناهومێد بوونی مەجنوون)

مەجنوون هاتە لای نەوفل بە گریان
دڵ پڕ لە غەم و زویر و پەرێشان
وتی تۆ لافی دۆستیت زۆر لێدا
بۆچ تا سەر دۆستم نەبووی بێ وەفا
ئەمەی وت و ڕۆیشت ڕووی کردە سەحرا
هەرچەن بانگی کرد نەگەڕاوە دوا
ڕۆژێ مەجنوونی دڵخەستەی ڕەنجوور
سەحرا ئەگەڕا بێ هۆش و شعوور
سەیری کرد ئەوا چەن ئاسکێکی جوان
کەوتونەتە داو زار و پەرێشان
سوارێکیش لە دوور وا هات ئەیەوێ
دابەزێ و سەریان ببڕێ هەر لەوێ
بە سوارەکەی وت مەجنوونی دانا
من میوانی تۆم ئەمڕۆ توخودا
ئەمانە مەکوژە گوناهیان نییە
گەر بیانکوژی قازانجت چییە
سەیری چاویان کە چەن جوانە و مەحبووب
لێیان نوسراوە غەیرئەلمەغزووب
تۆ بیانبەخشە زوو بە چاوی یار
ئەی مەردی دانا سەرداری ناودار
چاویان لە چاوی مەستی یار ئەکا
بۆنیان لە بۆنی نەوبەهار ئەکا
چاویان بە سورمەی قودرەت ڕێژراوە
بێ گیان کردنیان کەی شێوەی پیاوە
سینەیان جوانە وەک زیوی نایاب
حەیفە بە ئاگر بکرێ بە کەباب
جوابی دایەوە سەیادی هەژار

وتی فەقیرم ماڵ و مناڵدار
مناڵم هەموو برسین ئەی جوان
ڕووحیان بکڕە لێم وەک مەردی مەیدان
ئەسپێکی پێ بوو مەجنوونی ئازاد
ئەسپەکەی پێدا بە دڵێکی شاد
سەیاد ئەسپی برد ڕۆیشت و مەجنوون
مایەوە لەوێ عاجز و مەحزوون
چاوی ئاسکانی ماچ ئەکرد بە دڵ
ئەیوت ئەی ئاسکی تەتاری خۆشگڵ
چاوی تۆ عەینەن وەک چاوی یارە
لەو چاوە مەستە بۆم یادگارە
لە پاش سەعاتێ کردنی بەرەڵڵا
کەوتنە جامبازە لە دەشت و سەحرا
دوایان کەوت مەجنوون بە شین و هاوار
تا لە چاو گوم بوون ئاسکانی تەتار
شەو بە سەردا هات مات و دڵ پەشێو
مایەوە لە دەشت تەنها بار بە لێو
سبەینێ وەختێ کە لەخەو هەڵسا
گرتیەبەر دیسان رێی چۆڵ و سەحرا

## (چاوپێکەوتنی مەجنوون بە گەوزن و نەجاتدانی لە داو)

لە دەشتێکا دی گەوزنێکی جوان
کەوتۆتە داوی پیاوێکی نادان
سەیادی غەدار خەریکە ئەوا
زوو سەری ببڕێ بە تیغی قەزا
مەجنوون وتی پێی زاڵمی بێ دین
بوچ ئەم فەقیرە سەر ئەبڕی بە قین
ئەسیری مەکە مەیکوژە هەتا
لەگەڵ جووتی خۆی لە دەشت و سەحرا
چەند ڕۆژێ بکەن بۆ خۆیان سەیران
توخوا مەیکوژە دەخیل و ئامان
سەیاد ئەمەی بیست وتی ئەی برا
منیش فەقیرم بێ بەرگ و نەوا
لێم بکڕە هەتا بەڕەڵڵای کەم بۆت
ئەوسا بەریدە تۆ بیبە بۆ خۆت
مەجنوون ئەسڵەحەی جەنگی زۆر پێ بوو
هەمووی داڕنی دای بە سەیاد زوو
سەیاد وەریگرت ڕۆیشت بە دڵشاد
مایەوە لەوێ مەجنوونی ئازاد
چوو بۆ لای گەوزن وتی ئەی ڕەنجوور
ئەی بە وێنەی من لە یاری خۆت دوور
چاوی ماچ کرد و بە دڵێکی شاد
گەوزنی لە داو ئەمجا کرد ئازاد
بە گریانەوە لە دەشت و سەحرا
مەجنوون مایەوە ئەو شەوە تەنها
سبەینێ هەڵسا لە خەو هەمیسان
گرتیەبەر ڕێگای چۆڵ و بیابان
وەختێ نیوەڕۆ گەرما تاوی دا

چوه بن سێبەری دارێ لە سەحرا
لەسەر حەوزێ بوو پر لە ئاوی خۆش
مودەووەر و جوان، شیرین و دڵکەش
مەجنوونی هەژار هەتا چەند ساعەت
لەسەر حەوزەکە کردی ئیسراحەت
سەیری کرد لەسەر دارەکە ئەوا
قەلێ وەستاوە زور ڕەش و زیبا
وتی قەلەڕەش بۆچ بە پەرۆشی
من تەعزیەبارم تۆ بۆچ ڕەشپۆشی
تو خودا وەختێ ئەبینی یارم
بڵێ بە یاری شۆخی نازدارم
بگاتە فریام تا لە دەس نەچووم
ئەگەر نەمگاتێ بە تەحقیق مردووم
هەتا ئێوارە لەگەڵ قەل مەجنوون
ئەم قسانەی کرد بە دڵی مەحزوون
شەو بەسەردا هات مایەوە دیسان
دڵ پڕ لە خەم و زویر و پەرێشان

## (ڕۆیشتنی مەجنوون لەگەڵ پیرێژن بۆ خێڵی لەیلی)

بەیانی مەجنوون بە ناڵە و گریان
ڕۆیشت بەرەو ڕووی خێڵی لەیلا گیان
پیرێژنێکی دی لە دوور بوو پەیدا
پیاوێکی شێتی ئەوا لەگەڵدا
پەتی خستۆتە مل و گەردنی
پیاوە خۆشحاڵە بە پەت کردنی
مەجنوون چوو وتی پیرێژن توخوا
بۆچ پەتت کردوە تۆ ئەم پیاوە وا
گوناهی چییە بۆچی وا بەندە
بۆچ وا ئەسیری داو و کەمەندە
پیرێژن وتی قەزات لێم کەوێ
گوناهـ بار نییە گەر ڕاستت ئەوێ
من و ئەم پیاوە گەلێ فەقیرین
لەبەر موحتاجی یەکجار زویرین
ئەمە هاوسێمە بێوەژنم من
هێندە موحتاجین ڕازین بە مردن
پەتم کردووە بە وێنەی ئەسیر
ئەگەڕێین هەر دوو بێچارە و فەقیر
هەتاکوو خەڵقی بە خێری خۆیان
لە ڕێی خودادا پێمان دەن ئیحسان
مەجنوون ئەمەی بیست وتی دایەی پیر
تو حەقی خودای پاکی بێ نەزیر
لێی بکەرەوە تەناف و زنجیر
بیخە ملی من هەر وەکوو ئەسیر
بمگێڕە بە ناو کوچەی شاراندا
بە عیبرەتم کە بە بازاڕاندا
هەڵیگرە بۆ خۆت هەرچیم دەس کەوێ

نامەوێ لە تۆ من شێوی شەوێ
پیرێژن ئەمەی کە بیست بێ تەئخیر
کردییەوە لە پیر تەناف و زنجیر
گەردن و دەستی مەجنوونی بەند کرد
لە جێی پیاوەکە ئەوی پێوەند کرد
بە هەر دەرگایەک ئەچوو ئازانە
هەر لەیل لەیلی بوو وەکوو دێوانە
خولاسە گەینە بەر ماڵی لەیلا
بەربوە شیوەن و گریە و واوەیلا
ئەیوت دەست و پێم وا کراوە بەند
بە جەزای عەشقت ڕازیم و خورسەند
سا بە تیغی تیژ ئەی ئارامی گیان
وەکوو ئیسماعیل زوو ﻤکە قوربان
لە بەرپێی تۆدا لام خۆشە مردن
نەوەک بە بێ تۆ خۆش ڕابواردن
ئەمەی وت بەند و تەنافی بڕی
لە دەس پیرێژن وەک تەیر دەرپەڕی
ڕای کرد بۆ نەجد بە شین و گریان
بە هاوار هاوار بە زاری و ئەفغان
دایک و باوکیشی لە خزم و لە خوێش
چوون دۆزیانەوە مەجنوونی دڵڕێش
سەیریان کرد هۆشی نەماوە ئەسڵا
ناهومێد بوون و گەڕانەوە دوا

## (باسی ناردنی ئیبن سەلام بۆ خوازبێنی لەیلا)

کە مووەفەق بوون لەشکری نەوفل
لەیلی جەبین گوڵ گەلێ بوو خۆشدڵ
وتی سەد شکور قەیس تالعدارە
نۆبەی خۆشییە پێک دێ ئەم کارە
بەڵام کە باوکی گەڕایەوە دوا
وتی سوڵحمان کرد خەفەتمان نەما
لەیل ناهومێد بوو لە وەسڵی مەجنوون
بەربووە گریان عاجز و مەحزوون
ئەگریا دایم لەیل بە پەنهانی
لە دڵیا نەما هیچ شادمانی
لە گەورە گەورە و ناوداران ئەمجا
زۆر کەس ناردی بۆ خوازبێنی لەیلا
ئیبن سەلامیش خەبەری بیست زوو
وەعدە و شەرتەکەی وەختێ تەواو بوو
لەگەڵ خەزێنە و شەکر بە خەروار
ئێستر و ئەسپ و ماین بە قەتار
چەند وشتریشی بار کرد لە کوتاڵ
لە فەرشی جوان و لە ئەسبابی ماڵ
لەگەڵ چەند هەزار مەڕ و بزنی چاک
ئەسپ و مایینی کەحێلەی چالاک
دای بە پیاوێکی عاقڵ و دانا
ڕایی بوو بردی بۆ باوکی لەیلا
گەییە لای باوکی لەیلا دەستوبرد
بە حورمەتەوە زۆر جوان عەرزی کرد
وتی ئەم پیاوە زۆر بڵند ناوە
لە هەر بابەتێ سەیرکەی تەواوە
شاسوارێکە گەورە و شێر پەیکەر

گەورەی عەرەبە و سەرکردەی لەشکەر
ساحێب خەزێنە و گەنجینە و گەوهەر
کەس نییە لەیلای بوێ لەو چاکتر
ڕازی بوو باوکی لەیل کردی ئیقرار
وەریگرت خەزنە و کوتاڵ و قەتار
ناردیان زاوا هات لەگەڵ کەسوکار
باری شەکریان هەڵڕشت بە خەروار
شەکراویان خوارد و کار کرا تەواو
وەختێ ئەمەی بیست لەیلای مەستە چاو
وەک مارانگەزتە بەربووە پێچ دان
دەستی کرد بە شین ناڵە وو گریان
لە پاش یەک دوو ڕۆژ کەژاوەیان بەست
سواریان کرد لەیلای شۆخی دیدە مەست
وەختێ گەیشتنە وڵاتی زاوا
بردیانە پەردەی بوکێنی لەیلا
زاوا زوو لەسەر تەختی خۆی داینا
هەتا دوو سێ ڕۆژ نەچوو بە لایا
وتی هیلاکە با نەبێ دڵگیر
ئیسراحەت بکا یاری بێ نەزیر
لە پاش دوو سێ ڕۆژ جا ئیبن سەلام
چوو بۆ لای لەیلای شۆخی گوڵ ئەندام
دەستێکی بۆ برد بە وەسڵی بگا
لەیل زللەیەکی وا بە توند لێدا
زاوا بێ هۆش بوو کەوتە سەر زەمین
لەیل وتی بەخوای جیهان ئافەرین
بە وەسڵم ناگەی تا ماوی ئەسڵا
وازم لێ بێنە خۆت مەکە ڕسوا
کە ئیبنوسەلام ئەمەی بیست لە لەیل
زانی لە عەشقی قەیسە دەروون کەیل

لێی زویر نەبوو دڵی نەڕەنجان
لەیلی خۆش ئەویست بە دڵ و بە گیان
وتی هیچ مەکە عەجز و ناسازی
هەر بە تەماشا لێت ئەبم ڕازی
حەرامزادە نیم غەیری تەماشا
گەر مەقسوودم بێ لێم بکە حاشا

## (خەبەر زانینی مەجنوون لە شووکردنی لەیلی)

مەجنوون لە هەردە و چۆڵا سەرگەردان
کەوتبوو لە ژێر داری موغیلان
ڕەش و ڕووت و قووت، عاجز و غەمبار
لای نەبوو فەرقی گوڵ و دڕک و خار
وشتر سوارێ ڕۆژێ لە ڕۆژان
هات وتی مەجنوون شێتی سەرگەردان
ئەو سوارە ناوی بە زەید مەشهوور بوو
ئەویش بە دەردی عەشق ڕەنجوور بوو
عاشقی زەینەب ناوێ بوو بەتوول
شیوەنی ئەکرد غەمبار بوو مەلوول
هەموو جار ئەچوو بۆ خزمەت مەجنوون
بە بایان ئەدا خەفەتی دەروون
لە شووکردنی لەیلی مەحزون بوو
بە مەجنوونی گوت بێ عەقڵی بەدخوو
چییە ئەم حاڵە هەرزەی نابەکار
ئومێدی وەفا قەت مەکە لە یار
ئەوا یارەکەت ڕەنجی دای بە باد
زۆر بێ وەفا بوو تۆی هیچ نەکرد یاد
لەیلی خۆ شووی کرد زۆر کامەرانە
لە باخەڵ مێردا وا شادمانە
مەجنوون ئەمەی بیست بەربووە گریان
دەنگی هەڵبڕی بە ناڵە و فوغان
ئەوەندە سەری دا لە بەرد و سەنگ
بە خوێن دەشت و دەر هەموو بوو گوڵڕەنگ
وشتر سواریش بەربووە گریان
لەو قسەی کردی زۆر بوو پەشیمان
وتی گاڵتەم کرد زۆر شەرمەزارم

عەفووم کە مەجنوون خەجاڵەت بارم
ڕاستت پێ بڵێم شووی نەکردووە
عەشقی تۆ دڵی خۆ لێ سەندووە
حاسڵی مەجنوون غەمگین مایەوە
بە دەم دەردەوە زۆر تلایەوە
لەولاوە باوکی پیر و غەمبار بوو
لە دووری مەجنوون زار و نزار بوو
زۆر ترسا بمرێ عومری بەرباد بێ
بێگانەیێک بێت بە جێگەی شاد بێ
دار عەسای هەڵگرت بە شین و گریان
بردی لەگەڵ خۆی چەن نەفەر جوانان
ڕۆیشتن گەڕان بە هەردە و تووندا
بە دەشت و چۆڵدا بە شوێن مەجنووندا
رۆژێ باوکی دی وا لە جێگایێ
لە ناو شیوێکی زۆر بەد هەوایێ
مەجنوون کەوتووە مات و داماوە
بەسەر ئێسقانیا پێستی کێشراوە
باوکی بە بێدەنگ چوو دانیشت لە لای
بە دەست هەتاکوو سەعاتێ شێلای
مەجنوون سەیری کرد باوکی نەناسی
خوی دوور خستەوە زوو بە کەساسی
وتی مامە گیان تۆ کێیت چیت ئەوێ
وازم لێ بێنە قەزات لێم کەوێ
باوکی وتی پێی ڕووحی ڕەوانم
خۆ من باوکتم قەزات لە گیانم
مەجنوون کە ناسی بەربووە گریان
خۆی خستە بەرپێی بە شین و فوغان
لە پاش سەعاتێ جا باوکی هەڵسا
بوغچەی کردەوە لیباسی هێنا

پۆشی بە بەریا لیباس و جامە
کەوای نایاب و کەوش و عەمامە
نەسیحەتی کرد وتی ڕۆڵە گیان
وەختی مردنمە دەخیل و ئامان
تۆ چەن وەختێکە جێت بیابانە
ڕەفیقت وەحشی دەشت و کێوانە
چیت دەست کەوتووە غەیری بەدناوی
بۆچ وا بێ عەقڵی بۆچ خەڵەفاوی
من پیرم ئەوا ئەمرم ڕۆڵە گیان
خۆ بە تۆ ئەبڕێ میراتم قوربان
وەختی مردنم لە ژوور سەرم بە
جگەر گۆشەمی خۆت ڕەهبەرم بە
وەختی مردنم گەر دوور بی قوربان
نامبینی ئەوسا ئەبی پەشیمان
کە گوێی لە قسەی باوکی بوو مەجنوون
دڵی نەرم بوو گەلێ بوو مەمنوون
ویستی بە قسەی باوکی لەمەولا
سەبر بکات و عاقڵ بێ ئەمجا
بەڵام سوارەی عەشق زۆر توند تاوی دا
گوێچکەی مەجنوونی ئازانە بادا
جوابی دایەوە مەجنوونی داماو
وتی بابە گیان ئەمرت بەسەرچاو
قسەکەت ڕاستە زور باش ئەزانم
ئەمەوێ وابم بەڵام ناتوانم
ئەزانم کە تۆ باوکمی قوربان
بەڵام نازانم ناوت بە قورئان
سەرم شێواوە نووری چاوانم
حەتا ناوی خۆم ئێستە نازانم
وەحشی هەڵناکات قەت لەگەڵ مەردوم

لەناو وەحشەتی خۆما من بووم گوم
نەسیحەتی تۆ تەئسیر ناکات لێم
عەشقی یار هۆشی هیچ نەهێشتوە پێم
تۆ ئەفەرمووی من وا ئەمرم ئەڕۆم
وەرەوە داتنێم با لە جێگەی خۆم
بە هاتنەوەی من بۆچ دڵخۆش ئەبی
کە وەختێ مردی بۆ تۆ فایدەی چی
لەم قسانەدا مەجنوونی حەزین
هەموو ئەندامی بەربووە لەرزین
لە قۆڵی مەجنوون خوێن هاتەدەرێ
باوکی دەستی برد گوتی لێی گەڕێ
عەرزی کرد گوتی باوکی هونەروەر
خوێنی گرتووە لەیلای نازپەروەر
ئەو جێگەی نەشتەر لە لەیل دراوە
منیش وا خوێنم بەربووە باوە
لاشەمان هەرچەن دوانە بە قوربان
بەڵام هەر یەکە یەک ڕووح و گیانمان
باوکی کە زانی قسەی بێ سوودە
گوتی با نەدەم ڕەنجی بێهوودە
عەشقی ئەم نییە عەشقێکی باتڵ
لە دڵیا مەیلی لەیل نابێ زائڵ
هەڵساوە فەرمووی ڕۆڵە بە دوعا
زۆر ئەزیەتم دای بمبەخشە توخوا
بەڵام ڕووحەکەم گیانی شیرینم
ڕووناکی چاوم سەرمایەی ژینم
وەختی مردنم کە مەعلووم بوو بۆت
تکات لێ ئەکەم تۆ بی و سەری خۆت
وەرە سەر قەبرم بە شین و گریان
هەتا بزانن بێگانە و خوێشان

که من بێکەس نیم تۆ ئەولادمی
واریسی ماڵی حەق و دادمی
لە پاشان هەڵسا چووە ماڵەوە
بە غەم و دەرد و ئاهـ و ناڵەوە
نەخۆش کەوت لەتاو خەفەتی مەجنوون
لە دنیا دەرچوو عاجز و مەحزوون

## (باسی خەبەر زانینی مەجنوون لە مردنی باوکی)

ڕۆژێ ڕاوکەرێ لە خێڵی مەجنوون
ڕۆیشتە دەرێ بۆ کێو و هاموون
تەسادف لە دەشت تووشی مەجنوون بوو
پێی گوت بێ شەرم و حەیا و ئابڕوو
باوکت لە دنیا خێری لێت نەدی
چەند ڕۆژە مردوە تۆ چی ئەکەی چی
ڕاستیم پێ بڵێ بێ شەرم و حەیا
هیچ ترست نییە ئاخۆ لە خودا
وەختێ ئەمەی بیست مەجنوون دەر زەمان
بەربووە ناڵە و شیوەن و گریان
دەستی سەیادی ماچ کرد ئازانە
گوتی قەبرەکەی لە کوێیە گیانە
لەسەر تەعریفی ڕاوکەر ئەمجا زوو
بە شین و ڕۆرۆ بۆ قەبرستان چوو
لەسەر قەبرەکەی باوکی زۆر گریا
بە دەنگی بەرز و ناڵە و واوەیلا
ئەیگوت ئاخ بابە نەسیحەتی تۆ
نەمگرتە گوێ من وابووم ڕەنجەڕۆ
لە دونیای ڕوونا تۆ بووی هەمرازم
غەم خوارم، نەسیحەتگۆ و دەمسازم
سەهووم کرد قوربان بە قسەم نەکردی
وا بەداخەوە بابە گیان مردی
مووەفەق نەبووم ئەمرت جێ بێنم
گونەهبار نەبم خۆم ئەخنکێنم
من لە دنیادا تۆم زۆر کرد بێزار
لە ئاخیرەتدا مەمکە شەرمسار
بە دڵی بێ غەم زۆر بە فەراغەت

تۆ لە قیامەتدا ئەکەی ئیسراحەت
منیش بە قوربان وا لەسەر دنیا
مامەوە بۆ دەرد بۆ جەور و جەفا
دوو شەو و دوو ڕۆژ هەر لەوێ ماوە
بە شین و گریە و بانگ و سەداوە
لە پاشان ئەمجا بە شین و زاری
چوە چۆڵی نەجد بە بێ قەراری
سەری لێ هەڵدا دیسان عەشقی یار
دوورکەوتەوە زوو لە یار و دیار
دەوریان گرتەوە وەحشی و مار و موور
گورگ و دێو لەگەڵ هەموو تەیر و توور
ئاسک و ڕێوی و چەقەڵ و پڵنگ
بوون بە دۆست یەکیان نەئەکرد دڵتەنگ
ڕیش و سمێڵ و پرچی بە جارێ
لەسەر سنگیەوە هاتبوونە خوارێ
فرمێسکی چاوی گەرمی ئاگرین
ڕوومەتی کرد بوو بە جۆگەی خوێنین
ڕۆژێک لە ڕۆژان کە خۆر ئاوا بوو
مەجنوونی شەیدا بۆ سەر گردێ چوو
بە گریانەوە ڕووی کردە ئاسمان
ئەپاڕایەوە لە قاپی یەزدان
گوتی ئەی عەشق تو غەزای گیانی
مایەی کەماڵی عەقڵی ئینسانی
خوایە وا جوان خەڵقت کرد لەیلا
کە من بخاتە ناو بەحری بەڵا
فەقیر و هەژار زویر و موحتاجم
زوو بە لوتفی خۆت بکە عیلاجم
هەموو حەکیم و تەبیبی جیهان
لە دەوای دەردم بە جارێ دامان

دەرد هەر تۆ ئەیدەی تۆش ئەدەی دەوا
حەکیم و تەبیب هەر تۆی ئەی خودا
مەجنوون لە دەرگای قازیولحاجات
بەم نەوعە کردی دوعا و موناجات
وەختێ ڕۆژ بوەوە، کاتێ خۆر هەڵات
سەیری کرد مەجنوون کەوا زەید هات
ئەم زەید ناوە دۆستی مەجنوون بوو
لە داغی مەجنوون دایم دڵ خوون بوو
قەیس بە زەیدی گوت یاری وەفادار
ئەمرۆ زۆر دڵت خوشە و نەشئەدار
بۆچ بە مەقسوودی خۆت بووی دەستڕەس
لەگەڵ لەیلدا تۆ بووی هاونەفەس
کەوا دڵخۆش و پڕ کەیف و شەوقی
وا نەشئەداری دایم بە شەوقی
زەید گوتی مەجنوون هومای کێوی قاف
دوێنێ چووم لەیلی شۆخم کرد تەواف
مانگی ڕووی لەیلا شەوقی بێ نوورە
عاجز و ماتەم چونکە لێت دوورە
دایم خەریکی شین و گریانە
لە چاوی ئەشکی خوێنین ڕەوانە
وەختێ منی دی ناڵاندی بە زار
فەرمووی توخودا یاری وەفادار
کە چویتە نەجد لە چۆڵ و سەحرا
ئەبینی قەیسی عەوداڵ و شەیدا
بڵێ ئەی مەجنوون لەیلای بێچارە
لە دووریت بە خوا گەلێ غەمبارە
شەرحی ئەحواڵم بۆی بکە بەیان
سەلامی منی عەرز کە قوربان
بیستوومە دڵی یەکجار خەمبارە

له شانی باره دەرد و پەژارە
خەبەری مەرگی باوکیم بیستووە
منیش زور شین و ڕۆڕۆم کردووە
چونکە باوکی زۆر بە من و بە ئەو
دڵی ئەسووتا هیچ نەی ئەکرد خەو
بەڵام بەرامبەر قەدەر و قەزا
لازمە ئینسان ڕەزا بێ ڕەزا
تێی بگەیێنە کە من ئەسیرم
یەکجار خەفەتبار مات و زویرم
بۆ کاغەز ناردن نیمە ئیختیار
ناتوانم ڕازی دڵ بکەم ئیزهار
بەڵام ئەی مەجنوون خۆ تۆ بەڕەڵڵای
لەگەڵ عالەمدا دۆست و ئاشنای
بوچ نامخوێنیەوە هەر بە سەلامێ
بۆم نانێری قەت نامە و کەلامێ
بۆچ بۆم نانێری ئەشعاری جوان جوان
کەوا بە منا ئەیڵێیت بە قوربان
نازانی ئاخۆ ئەمە تەقسیرە
ئەمە کەی ڕەویەی عاشقی ژیرە
شیعرە خۆشەکان زوو بنێرە بۆم
هەتاکوو بیکەم من بە وێردی خۆم
ئەم خەبەرەی بیست کە لە زەید مەجنوون
زۆر دڵی خۆش بوو گەلێ بوو مەمنوون
بە تالعی خۆی ئیعتیقادی بوو
بە وەفای لەیلی ئیعتیمادی بوو
قەڵەمی هەڵگرت بۆ لەیلای نووسی
لە پاش سەلام و عەرزی دەسبووسی
لەیلی گیان مایەی حەیات و ژینم
مایەی ئارامی دڵی حەزینم

سەلامت گەیشت گیانە بە مەجنوون
لە وەفا و مەیلت گەلێ بووم مەمنوون
ئەمجا حاڵی بووم منت خۆش ئەوێ
یاخوا قەزای تۆ لە گیانم کەوێ
کاری مەحبووبان جەور و جەفایە
کەچی کاری تۆ شکور وەفایە
توخودا جار جار تۆ دڵم شاد کە
بەم نەوعە لوتفە بەندەکەت یاد کە
وەرە لام لابە زوو دەردی فیراق
ئەوا ئەسووتێم لەبەر ئیشتیاق
گەر ئیبنوسەلام مانیعە قوربان
تۆ بی و سەری خۆت بۆم بکە بەیان
تا بە هەناسەم سیاکەم بەختی
تارومار بکەم مەسنەد و تەختی
کاغەز تەواو بوو دای بە زەید دەرحاڵ
بردی بۆ لەیلی وەکوو بای شەماڵ

## (باسی مردنی ئیبن سەلام)

مەعلووم هەر خەو و خەیاڵە عالەم
بە خەو و خەیاڵ تۆ مەبە خوڕەم
عاقیبەت ئیبنوسەلامی هەژار
بە تیری ئاهی قەیس بوو گرفتار
چونکە نەگەیشت بە وەسڵی لەیلا
بە دەردی گران زوو بوو موبتەلا
زار و زەعیف بوو کەوت لەسەر جێگا
وەک موو باریک بوو هێزی تیا نەما
لە هەر چوار قوڕنە و ئەترافی جیهان
کۆکرانەوە جەمعی تەبیبان
تەئسیری نەبوو دەرمان و دەوا
هەرچەن خەریک بوون بۆی نەهات شفا
عاقیبەت ڕۆژێ هەنگامی بەیان
قابزی ئەرواح وەریگرت لێی گیان
لەیلای شۆخ و شەنگ بەهانەی دەست کەوت
ئارامی نەما یەک لەحزە نەسرەوت
ڕوومەتی ڕنی یەخەی دادڕی
لیباسی شین کرد پرچی خۆی بڕی
بۆ شیوەن چەن ڕۆژ لەوێ مایەوە
بۆ ماڵی باوکی جا گەڕایەوە
جا زەید کە بیستی ئیبنوسەلام مرد
ڕۆیشت خەبەری زوو بۆ مەجنوون برد
هەر کە ئەمەی بیست مەجنوونی شەیدا
بەربووە شین و زاری و واوەیلا
زەید سەری سوڕما گوتی بە مەجنوون
وام زانی کە تۆ زۆر ئەبی مەمنوون
کە ئەم خەبەرەم من داوە بە تۆ

کەچی تۆ ئەکەی شیوەن و ڕۆڕۆ
مەجنوون گوتی پێی یاری وەفادار
تۆ وا ئەزانی نیمە حەیا و عار
ئیبنوسەلامی بێچارە و فەقێر
بە وەسڵی یاری نەگەیشت خۆ تێر
بە نامورادی لە ڕێگای لەیلا
عاقیبەت ڕووح و گیانی کرد فیدا
بۆ ئەم ئەحواڵەی ئەو خەفەت ئەخۆم
هەر بگریم چاکە بۆ ئەو هەم بۆ خۆم
زەید لە مەجنوون کە دی ئەم حاڵە
تێگەیشت گەورە و ئەهلی کەماڵە
مەجنوونی جێهێشت زەید گەڕایەوە
ئەمیش لە سەحرا تەنها مایەوە
لە ماڵی باوکی، لەیلای نازەنین
داییما ئەیکرد گریە و زاری و شین
لە هەر جێگایەک کە تەعزیەبارێ
ئەبوو یا نەخۆش یا برینداری
کۆی ئەکردنەوە دایم لە گەڵیان
شەو و رۆژ ئەیکرد شیوەن و گریان
زاهیر بۆ ئیبنوسەلام ئەگریا
داغی مەجنوون بوو بەڵام لە دڵیا
ڕۆژێ لە ڕۆژان هەنگامەی سەحەر
تەنها مایەوە لەیلای نازپەروەر
بە دڵی پڕ جوش بە کوڵ ئەگریا
سەری هەڵبڕی و ڕووی کردە سەما
زۆر پارایەوە لە قاپی یەزدان
گوتی ئەی خودای حەیی لامکان
غەم و دەردی من بێ نیهایەتە
بۆ لای کێ ببەم ئەم شکایەتە

ئەگەر وازبێنم من لە عەیب و عار
بم بە مونسی مەجنوونی هەژار
ئەبم بە تانەی مەخلووقی ئەیام
ناموس و حەیام ئەڕوا لە لای عام
ئەگەر هەروەها وازی لێ بێنم
لێی نەپرسمەوە دۆش دابمێنم
هەناسەی سەردی مەجنوونی شەیدا
ئەترسم ئاخر بەربادم بکا
کەوابوو خودای گەورە و بێ هەمتا
غەیری ڕەحمی تو نیمە هیچ پەنا
لەیلی بەم نەوعە دوعای زۆری کرد
خێڵی باوکی لەیل لەوێ باریان کرد
چونکە عادەت بوو ئەچوون بۆ کوێستان
لەیلاش سوار بوو ڕۆیشت لە گەڵیان
کەوتە ڕێ سواری حوشترێ بووبوو
دەردی دڵی خۆی ئەگێڕاوە زوو
زۆر خەیاڵی کرد هەتا دۆش داما
حوشترەکەی ئەو لە خێڵ بەجێما
خێڵ ڕۆیشت لەیلای دڵ پڕ لە میحنەت
مایەوە تەنیا لە دەشتی وەحشەت
کاتێ خەیاڵات لەسەری دەرچوو
سەیری کرد لەناو سەحرایێکا بوو
نە خێڵی باوکی دیارە نە هیچ کەس
زۆر تەماشای کرد نەبوو فریادرەس
حوشتری لینگدا بە هەموو لادا
بە بیابان و چۆڵ و سەحرادا
هەتا ڕێی کەوتە جێگەیە کەوا
لەوێ کەوتبوو مەجنوونی شەیدا
سەیری کرد شەخسێ لە هەردەی چۆڵدا

کەوتوە وەک مەجنوون لە خاک و خۆڵدا
چوو بە لایەوە لەیلا گوتی پێی
برای عەزیزم پێم بڵێ تۆ کێی
سەری هەڵبڕی گوتی مەجنوونم
عەوداڵ و وێڵی ڕووی دەشت و توونم
لەیلا لە جوابی زۆر ڕقی هەڵسا
چونکە بەو نەوعە نەیدیبوو ئەوسا
گوتی بێ ئەدەب بۆچ ئەکەی درۆ
مەجنوون کەی قیاس ئەکرێ لەگەڵ تۆ
مجنون تێگەیشت لەیلا نەیناسی
جوابی دایەوە زۆر بە کەساسی
گوتی ئەی دوڕی یەکتای لەتافەت
شۆخی نازەنین ساحیب مەلاحەت
مەجنوون ببینی ئەیناسی قوربان
ئەزانی چۆنە بە ناو و نیشان
جوابی دایەوە ئەمجارە لەیلا
گوتی کە مەجنوون جوانە و دڵڕوبا
جوانی لەتیفە لای هەموو عالەم
ناودارە و لاوچاک گەورە و موعەززەم
تۆ پەرێشان و زویر و زەلیلی
داماو و هەژار یەکجار سەفیلی
مەجنوون شاعیرە ئەهلی ئیدراکە
لەهجە و هەڵبەستی زۆر جوان و چاکە
مەجنون گوتی پێی بە دڵی پڕ غەم
عاشق لازمە لاڵ بێ و ئەبکەم
فرمێسکی چاوە قسە و ئەشعاری
دایم هەر ماتە دڵی غەمباری
شیعر گوتن و عەرزی فەساحەت
دەلیلە قوربان بۆ خۆشی و ڕاحەت

لەیلا جا گوتی تۆ گەر مەجنوونی
لە عەشقی لەیلا مات و مەحزوونی
قسەت ئیسبات کە چەند شیعرێکی جوان
لە باسی لەیلا بۆم بلّێ قوربان
وەختێ ئەمەی بیست مەجنوونی هەژار
خوێندیەوە گەلێ ئەبیات و ئەشعار
لە ڕۆژێکەوە بۆ مەکتەب چوو بوو
هەتا ئەو ڕۆژە دەستوبرد زۆر زوو
هەموو بە شیعری ڕێکوپێک و جوان
بۆ لەیلای شۆخی دەرحاڵ کرد بەیان
کە شیعرەکانی خوێندەوە مەجنوون
بە چاوی پڕ ئاو بە دڵی مەحزوون
لەیلا تێگەیشت ئەمە مەجنوونە
لە تاو عەشقی ئەو دڵی پڕ خوونە
بەربووە گریان بە کوڵی دەروون
گوتی ئەی نووری دوو دیدەم مەجنوون
هەر ناوی تۆیە وێرد و زیکری من
هەر یادی تۆیە دایم فکری من
لێم عاجز مەبە کە من ئەوەڵ جار
تۆم نەناسیەوە وا بووم خەتابار
ئەمە بە خەو و خەیاڵ ئەزانم
کە تۆم دۆزیەوە ئارامی گیانم
مەجنوون ئەمانەی کە بیست سەرسام ما
وتی بۆچ هاتووی بۆ ئێرە توخوا
لە قسەکانت دیارە ئاشنای
خاوەن ئەخلاق و خۆش لەفز و سەدای
تۆ ناوت چییە پێم بلّێ قوربان
بۆچی هاتویتە چۆڵ و بیابان
لەم قسانەی تۆ وا دەرئەکەوێ

ڕەحمت پێم هەیە منت خوش ئەوێ
لەبەر دەردی عەشق یەکجار کەساسم
هیچ هۆشم نییە ڕەنگە بتناسم
لەیلا کە زانی نایناسێ ئەمجا
گوتی ئەی مەجنوون عاشقی شەیدا
مژدە بێ گیانە کە من لەیلی تۆم
لە دەرد و داغت دەروون کەیلی تۆم
زانیم موشتاقی جەماڵی منی
دایم موحتاجی ویساڵی منی
ئێستا کە وەسڵم بۆت غەنیمەتە
وەرە لامەوە گیانە فرسەتە
دڵم بۆ وەسڵی تۆ ئەمانەتە
ڕووحم شاباشی قەدت و قامەتە
ئەمانەتەکەت زوو وەرگرەوە
وەرە لام چاوم ڕۆشن کەرەوە
ئەگەر نەخۆشی من تەبیبی تۆم
ئەگەر عاشقی خۆم حەبیبی تۆم
وەرەوە لامەوە گیانە هاودەم بە
لە بەزمی وەسڵی مندا مەحرەم بە
بێنەوە سەرت عەقڵ و فیراسەت
با بەس لێمان دەن تیری مەلامەت
مەجنوونی دڵرێش سەرگەرشتەی هەردان
ئەم قسانەی بیست سەرسام بوو حەیران
گوتی هەر وەختێ کە ڕوو دەرخا گوڵ
بولبول پێویستە بکا تەغافوڵ
مەجنوون نەبوایە لەیل کێ ئەیناسی
ناوی گوم ئەبوو زوو بە کەساسی
لەیلا کە بیستی ئەمە لە مەجنوون
جوابی دایەوە بە دڵی مەحزوون

گوتی بۆچ ئەکەی گیانە ئیستیغنا
تۆ ئاگات نییە لە حاڵی لەیلا
دایم خەریکی هاوارە بولبول
هەر دوعا ئەکا ببینێ ڕووی گوڵ
وەختێ گوڵی دی بکات ئیستیغنا
ئیتر بۆچ بکا شیوەن و غەوغا
جوابی دایەوە مەجنوونی شەیدا
گوتی بە لەیلا ئەی گوڵی ڕەعنا
بۆ من خەیاڵت بەسە کافییە
گشت ئارەزووی تۆ بێ ئینسافییە
هەتاکوو چاوم پڕ نوور بوو ئەوسا
من تۆم نە ئەدی ئەی مەلەک سیما
ئێستاکە دیدەم کەوا بێ نوورە
ناتبینم دیتن لە چاوم دوورە
بناغەی عەشقم زۆر مەحکەم بووە
منی لەگەڵ تۆ هاودەم کردووە
خەیاڵت لە دڵ پڕ بووە ئێستا
جێگای سوورەتی تۆی تێدا نەما
لە جەماڵ خۆ ڕووح ئەبینێ لەزەت
ڕووحم لای تۆیە بۆچیمە سوورەت
دەروونم لە تۆ خۆ ماڵامالە
ئیتر سوورەتت بینین مەحالە
مناڵ بووم عەشقی تۆم کە کەوتە سەر
ئەمخوێند من ئەلف و بێ و زیر و زەبەر
تەحسیلم تەواو کردووە ئێستا
چیم لە ئەلف و بێ داوە من ئەمجا
خۆ بە ڕیسوایی ناوم مەشهوورە
عەقڵ و مەعریفەت لە بەندە دوورە
دەخیل و ئامان وەکوو من لەیلا

خۆت مەکە لەناو عالەمدا ڕسوا
لێمگەڕێ با هەر خۆم وا مەجنوون بم
هەر خۆم عەوداڵ و من توناوتوون بم
بچۆرەوە ناو عەشیرەتی خۆت
پەردەنشین بە بە عیسمەتی خۆت
ڕووی خۆت مەنوێنە گیانە بە ئەغیار
حەیفە جەماڵت ببینێ بەدکار
چونکە ئەتوارت ئەتواری منە
ئەزانن لەیلا دڵداری منە
مەجنوون بەم نەوعە لەگەڵ لەیل دوا
لەیلای نازپەروەر تێگەیشت ئەمجا
عەشقەکەی هێندە زۆر و تەواوە
ڕێی شکڵی ئەسڵا تێدا نەماوە
گوتی بە مەجنوون ئەلحەق کامڵ بووی
بە حەقیقەتی عەشق واسڵ بووی
لە حەقیقەتدا زاتێکی چاکی
زۆر بەشەرێکی خاوێن و پاکی
ئەلحەمدولیللا لە من بوو مەعلووم
کە وەسڵی سووڕەت لە لاتە مەزمووم
خەفەتم زۆر بوو ئێستا دڵشاد بووم
لە تەعەللوقی دونیا ئازاد بووم
لەمەوپێش گەرچی مەست و غافڵ بووم
لە حەقیقەتی عەشقا جاهیل بووم
زوڵف و ڕووی خۆمم ئارایش ئەدا
وەهام ئەزانی مەجنوونی شەیدا
تەماشای زوڵف و خەت و خاڵ ئەکا
نەمزانی کە حەز لە کەماڵ ئەکا
حاڵی بووم نیتە تۆ مەیلی نەزەر
ئەمین بە ئیتر ئازیزی سەروەر

ئەبێ تەنهایی بکەم ئیختیار
ڕووی من نەبینێ تا ئەبەد ئەغیار
دوعاخوازی کرد لە مەجنوون لەیلا
سواری حوشتر بوو گەڕایەوە دوا
لە ڕێگا تووشی شوانی حەیوان بوو
شوانی حەیوانی خێڵی خۆیان بوو
چوەو بۆ خێڵی خۆیان بە دڵشاد
مەجنوون بەربووە شیوەن و فریاد
ملی ڕێگای گرت، وەحشیی و تیوور
گورگ و چەقەڵ و ڕێوی و مار و مور
هەمووی دوای کەوتن پاک دەورەیان دا
ئەگەڕان چۆڵ و بادیە و سەحرا
لە فیکری چوەوە جا ناوی لەیلا
هەر بانگی ئەکرد لەوەلا مەولا
لە سەرمای زستان لە گەرمای هاوین
بێزار نە ئەبوو قەیسی دڵ غەمگین
هەر هەڵی ئەبەست قەسیدە و ئەشعار
لە لای نەمابوو ئارام و قەرار
وەلی و پیاوچاکان دەورەیان ئەدا
ئیستیفادەیان لێ ئەکرد خێرا
ئەیگوت مەعموورەی دنیا وێرانە
لە وێرانەدا خەزنە پەنهانە
هەر کەسێ کەوا سووڕەت پەرسانە
لە حەقیقەت دا کەر و نادانە

## (باسی وەفاتکردنی لەیلی)

که گەڕایەوە لەیل لای مەجنوون
پەرێشان حاڵ بوو عاجز و مەحزون
بە دەقیقە و ئان هیچ نەبوو دڵشاد
ڕۆژ بە ڕۆژ دەرد و غەمی ئەبوو زیاد
لە وەسڵی مەجنوون هومێدی بڕی
هەتا داوێنی یەخەی دادڕی
وجودی کە وەک پەڕەی گوڵ وابوو
لەبەر نەخۆشی زار و زەعیف بوو
حەکیمی عالەم تەبیبی دونیا
کۆکرانەوە دایانێ دەوا
سەعی و غیرەتیان زۆر نواند هەموو
عیلاجی دەردی بێ دەوای نەبوو
که زانی دەردی هیچ دەوای نییە
جا بە دایکی گوت نەخۆشی چییە
بانگی کرد گوتی وەرە دایە گیان
با ئاشکرا کەم لات ڕازی پەنهان
دەردی دڵی خۆم شاردەوە لە تۆ
هەتا بەم نەوعە من بووم ڕەنجەڕۆ
غەیری دەردی عەشق نەبێ بەخودا
هیچ دەردم نییە دایکی بە وەفا
زۆر ویستم بگەم بە وەسڵی دولبەر
مویەسەر نەبوو تەلەف بووم یەکسەر
ئاگری عەشقی لە دڵمی بەرزە
کڵپە و بڵێسەی سەد هەزار تەرزە
بە دەست کەس نییە وەها بوو قسمەت
خوا حافیز ئەڕۆم وا بۆ قیامەت
یاریش بە عەشقی من موبتەلایە

ئەویش دووچاری دەرد و بەڵایە
هەر بۆ من بووە ڕسوای زەمانە
لە ناو عالەمدا بوو بە ئەفسانە
من سەبەبم ئەو کە ئەکا هاوار
بە دەردی عەشقم بووە گرفتار
دایە گیان ئەوا من ئەمرم ئەڕۆم
یەقین گوناهی ئەو دێتە ئەستۆم
دەردی من یەک بوو وا بوو بە هەزار
چونکە لەلای یار وا بووم شەرمسار
وا وەداع ئەکەم دایکی بە وەفا
ئەڕۆم لە دنیا ئەچم بۆ عوقبا
یارم کە بۆ من پیشەی گریانە
دایم هەر کاری ناڵە و فوغانە
کە چاوت پێی کەوت بڵێ وا لەیلا
کە بە عەشقی تۆ بووبوو موبتەلا
بە دەردی عەشقی تۆوە ئەوا مرد
گیانی شیرینی قوربانی تۆ کرد
شەرت و عەهدەکەی خۆی بەجێ هێنا
خیلافی نەکرد هەرگیز لە گەڵتا
دایە گیان مەجنوون زۆر خەستە حاڵە
خزمەتی بکە ئەهلی کەماڵە
پێی بڵێ لەیلی خەفەت بارەکەت
بە تیری عەشقت بریندارەکەت
ئەوا لە دنیای فانی دەرچوو مرد
ڕووحی خۆی فیدای دوو دیدەی تۆ کرد
ئەگەر لە دەعوای عەشقا سادقی
لە دۆستیدا [تۆ] زۆر موافقی
لەیل ئینتیزارە بچۆ لای هەتا
بێ ئەغیار بگرن مەجلیسی سەفا

ئەم قسانەی کرد کە لەیل دەستوبرد
گوتی یا مجنون گیانی تەسلیم کرد
دنیا سەرتاپا دەرد و میحنەتە
سەرمەنزڵی خۆش هەر قیامەتە
ئەهل و عەشرەتی لەیلا بەجارێ
یەخەی کراسیان دڕی تا خوارێ
بەربوونە ناڵە و شیوەن و گریان
خۆیان گرتە قوڕ گەورە و بچوکیان
لە پاش چەن سەعات شیوەن و هەرا
تەسلیمی جێگای ئاخیرەت کرا
ئەمجا لە پاشان زەیدی وەفادار
کە لە مردنی لەیل بوو خەبەردار
ڕووی کردە دەشت و بادیە و سەحرا
بە دوای مەجنوونا تا توانی گەڕا
لە هەردەیێکدا سەیری کرد مەجنوون
کەوتووە مات و عاجز و زەبوون
گوتی بە مەجنوون ئەی خاکت بەسەر
لە دنیا دەرچوو لەیلی نازپەروەر
ئیتر چی ئەکەی لە خاک و خۆڵدا
بۆچی ئەگەڕێیت لە هەردە و چۆڵدا
مەجنوون ئاهێکی وەهای هەڵکێشا
بەجارێ بەندی دڵی دەرکێشا
بێهۆش بوو توانا و تاقەتی نەما
وەخت بوو گیانی دەرچێ لە غەما
لە پاشان هۆشی کە هاتەوەبەر
گوی ئەی زەیدی جەور و زوڵمکەر
من وام ئەزانی دۆستی بە وەفای
نەمزانی کە وا مایل بە جەفای
بۆچی منت کرد تۆ وا پەرێشان

باوە کوشتەت نیم ئەی شێتی نادان
بۆچ ئەم خەبەرەت هێنا دەستوبرد
بۆچی تۆ قەسدی ڕووحی منت کرد
بۆچی کردمت وەها ڕەنجەڕۆ
گوناهی منت بۆ گرتە ئەستۆ
وەک ئەم گوناهەت تۆ کرد ئەی برا
نیشانم بدە مەرقەدی لەیلا
بزانم لەیلی شۆخی جەبین گوڵ
چییە ئەحواڵی لە ژێر سەنگ و گڵ
زەید مەجنوونی برد بۆ سەر قەبرستان
کە نیشانی دا قەبری لەیلا گیان
مەجنوون کێلەکەی زوو گرتە باوەش
ئەوەندە گریا هەتا بوو بێهۆش
وەختێ کە سەری بەرز کردەوە
بە ئاهـ و ناڵە و بە دەم دەردەوە
زۆر پارایەوە لە قاپی یەزدان
گوتی ئەی خودای حەیی لامەکان
من دونیام ناوێ بێ دیداری یار
زوو شادم بکە بە وەسڵی دڵدار
لەیلی وا لە ناو بەزمی بەقادا
منیش وام لە گێژ دەریای فەنادا
لە دەریای فەنا بمخەرە کەنار
زوو بمگەیێنە بە وەسڵی دڵدار
حەقمە من بکەم تەمەنای ئەجەل
بیکە بە عەشقی ڕەسوولی مورسەل
سەعاتێ نەژیم لە پاش لەیلی گیان
بێ ئەو لە لای من مردنە ژیان
ئەم موناجاتەی مەجنوونی شەیدا
قبوڵی فەرموو دەرلەحزە خودا

لەسەر قەبرەکەی لەیلی درێژ بو
گوتی (یا لەیل) و زوو ڕووحی دەرچوو
زەید کە دی مەجنوون گیانی تیا نەما
دەستی کرد بە شین بە بانگ و سەدا
لەسەر هەتا خوار یەخەی خۆی دڕی
ڕیش و سمێڵی بە چەقۆ بڕی
ئەهلی قەبیلەی زوو کرد خەبەردار
هەموو دەستیان کرد بە گریە و هاوار
گشت کۆبونەوە لەسەر قەبرستان
سەیریان کرد مەجنوون وێڵی سەرگەردان
وا لەسەر قەبری لەیلی مردووە
گیانی خۆ فیدای یاری کردووە
بە شین و ڕۆڕۆ بە واوەیلاوە
قەبریان بۆ هەڵکەند لە لای لەیلاوە
هەر وەک لە ئەوجی بڵندی سەما
رووحیان جوت بووبوو لاشەشیان هەروا
جووت بوون لەگەڵ یەک بە دڵێکی پاک
دەستەملان بوون لە ژێر سەنگ و خاک
قەبرەکانیان بوو بە زیارەتگا
ئەهاتن خەڵقی بۆی لە هەموو لا

## (باسی خەو بینینی زەید بە لەیلی و مەجنوونەوە)

زەیدی وەفادار بوو موتەئەسسیر
لەسەر قەبرەکان بوو بە موجاویر
هەڵسا ئازانە زۆر بە دەستوبرد
گومەزی لەسەر قەبرەکانیان کرد
بە شەو و بە ڕۆژ ئەگریا زار زار
بە جێی نەهێشتن بۆ بە توربەدار
کە مەغریب ئەبوو لەسەر قەبرەکان
فانووس و چرا و مۆمی ئەسووتان
شەوێکیان یەکجار مات و حەزین بوو
بۆ لەیلی و مەجنوون بێ تاو و تین بوو
کە خەوی لێکەوت وەختی بەیان بوو
لە خەو دی کەوا بۆ جێگایێ چوو
ڕۆیشت گەیشتە ناو باغێکی خۆش
پڕ گوڵ و لالە و عەرعەری دڵکەش
مەجلیس گیرا بوو شاهانە دەستوور
غیلمان و کەنیز وەستا بوون وەک حور
لەسەر تەختی زێڕ دوو کەسی دولبەر
پاڵیان دابووەوە وەک مانگی ئەنوەر
کەنیزەکی جوان ئەهات و ئەچوون
مەشغووڵی بەزم و کەیف و سەفا بوون
پرسی لە یەکێ گوتی ئەم جێیە
هەرگیز نەمدیوە پێم بڵێ کوێیە
ئەم دوو کەسە کێن هێند بەختیارن
پادشای کام جێن و چین و چ کارن
شەخسەکە گوتی بە زەید بزانە
لەیلی و مەجنوونە بەخوا ئەم دوانە
ئەمانەش هەموو حور و غیلمانن

بۆ خزمەت کردن لە لای ئەمانن
چونکە لە دنیا هەردووکیان چاک بوون
لە مەحەببەتدا گەلێ دڵپاک بوون
ئەجری دانەوە حەزرەتی یەزدان
داخلی کردن بە باغی ڕیزوان
لێرە بە وەسڵی یەکتری شاد بوون
لە داوی دەرد و میحنەت ئازاد بوون
کە لە خەو هەستا زەیدی وەفادار
لەم خەوەی خەڵقی زوو کرد خەبەردار
ئیعتیقادی خەڵق زیاد بوو هەمیشە
زیارەتی ئەوان کرایە پیشە
(تەواو بوو)